# قودس لە نێوان بەرداشی مسوڵمانان و مەسیحی و جولەکەدا

ئا : ئاریان ئازاد

شاری قودس یەکێکە لەشارە گەورەو ناسراوەکانی جیهان کە بەدرێژای یمێژوو ڕووبەڕووی زۆرترین داگیرکاری و کاولکاری بوەتەوەو سەرباری داگیرکردن و هەوڵدان بۆ شێواندنی نەخشەی جوگرافیاو مێژووەکەی، قودس لەدڵی ملیۆنان موسلمان بەپیرزۆی ماوەتەوەو بۆ ئەو مەبەستەش خەڵکانێکیزۆر لەدەرەوەی فەلەستین بۆ دیتن و ئەنجامدانی پەرستش روو لەو شارە دەکەن. قودس لەمێژوودا بەکۆنترین شاری جیهان دادەنرێت، دوای ئەوەی چەندین جار رووبەڕووی کاولکاری و وێرانکردن بووەتەوە، 18 جار زیاتر



ئەو شارە سەرلەنوێ بیناکراوەتەوە.

سەرەتای مێژووی قودس بۆ سێهەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، کە ئەوکات بە(یبوس)ناسراو بوو، چونکە ڕەچەڵکیی بوسین لەو عەرەبانە بوون کەلەدورگەیعەرەبیەوە لەگەڵ هۆزەکانی کەنعانیەکاندا هاتبوون و لەقودس جێگیربووبن، بەڵام دواتر عیبریەکان ناوی قودسیان لە(یبوس)ەوە گۆری بۆ (ئۆرشەلیم)، دواتر یش لەسەردەمی فەرمانرەوایی مەلیک داود لەساڵی(1049)یپێش زایین، ناویشارەکەیان گۆری بۆ داود.

لەگەڵ هاتنی یەهودییەکان بۆ شاری قودس و داگیریان کرد، ناویان نا سەهیۆن لەساڵی(1599) پێش زایین سەهیۆن لەلایەن بلبالیونەکانەوە داگیرکراو شارەکەیان تەواو خاپور کرد، دوایداگیرکردنەکەش پەیکەریسولەیمانیان لەو شارە رووخاندو شارەکەشیان ناونا (ئور سالم) پارێزگاریلەناوەکەشیان کرد، تاو ئەوکاتەیلەساڵی538یپێش زایین لەلایەن ئالەنکندەر ئەکبەر شارەکە لەچنگ بلبالیونەکان دەرهێندرا، ئەویش دوبارە ناویشارەکەیگۆڕیبۆ (یروشالیم) تا ساڵی 630 پێش زایین لەلایەن رۆمەکانەوە داگیرکراو ئەوانیش ناویان نا (هیروسلیما) دوایئەوانیش (تیتس) لەساڵی 70 زایینیناویشارەکەیگۆڕیبۆ (سولەیما).

هەروەها ئەدریانۆ عەرشیرۆمانیلەساڵی 117 بۆ 138 زایینیچ لەویفەرمانەڕواییشارەکەیگرتە دەست و فەرمانیدا (سولەیما) خاپور بکرێت و لەگەڵ زەوییەکسان کرا، دوبارە شارێکینوێیلەجێگەیدا بینا کردو ناوینا (ئیلیا کابتولینا) تافەرمانرۆایی بینزەنتینیەکان ئەو شارە بەو ناوە مایەوە، ئەوانیش لەساڵی330 بۆ 636 زاینیبەهەمان ناو پاریزگاریان لەشارەکە کرد، تا هێرقل هات و لە 627 زایینیشارەکەیخستە ژێر رکێفیخۆیەوە.

دوایئەو هەموو داگیرکاریو هەرەسهێنانەیبەسەر ئەو شارەدا هات، لەساڵی 636سوپایموسڵمان دوایچوار مانگ بەرەنگاریبەس ەرۆکایەتی(عومەریکوڕیخەتاب) کۆتاییبەفەرمانرەواییهێرقل هێنا و لەسەردەمیئەویشدا شارەکە ناونرا بیتولمەقدیس (قودس)، ئەوکات یەهودییەکانی رازیبوون کە لە دەرەوەی قودسدا نیشتەجێبن، لەبەرانبەر ئەوەشدا جزیەبدەن بە خەلافەتی ئیسلامی، هەروەها مەسیحییەکان سەربەستانە ژیانی خۆیان بەسەرببەن بە پێی ئەو رێکەوتننامەیەی کە بە پەیمانی عومەر ناسرابوو، تا ئێستاش ئەو پەیماننامەیە لەلای زۆرێک لە (بەکاییەکان) ماوەتەوە.

بـەڵام ئەو فەرمانەڕوایەیموسڵمان لە قودس لە ساڵی1099یزایینیلەلایەن سەلیبیەکانەوە کۆتاییهات و شارەکە داگیرکرا، دوایئەوەیسەلیبیەکان خوێنیموسڵمانێکیزۆریئەو شـارەیـان ڕشـت و تاوانگەلێکیگەورەیان ئەنجامدا شاریقودس بەداگیرکراویلەچنگ سەلیبیەکان مایەوە، تاساڵی 1187 زایینیسەرکردەیناسراویکورد سەلاحەدینیئەیوبیدوبارە شاریقودسیلەدەست سەلیبیەکان رزگار کردوە.

بەڵام بۆ جارێکیدیکە لەساڵی1250 زایینیمەمالیەکیەکان شـارەکـەیـان کـەوتـە دەسـتـو دواتـــر لـەسـاڵـی1517 عوسمانیەکان فەرمانرەواییئەو سنورەیان کـردوەو بۆ مـاوەی400 سـاڵ تێدا مـاونـەتـەوەو تا سـاڵـی1917 زایینیسوپایبەریتانیا شاریقودسیداگیرکردو داگیرکاریەکەش تا 15یمانگیئایاری1948 خایاندو لە پیلانێکیبەرنامە بۆ دارێژراودا قودس لەنێوان یەهود عەرەبەکاندا دابەشکراو کرا بەدوو پارچەوە دوایئەوەش سەهیۆنیەکان لەساڵی1967 بەیەکجاریهەردوو بەشەکەیقودسیان داگیرکردو ئێستاشیلەگەڵدا بێت شاریقودس لەدەست جولەکەکاندا ماوەتەوەو قەوارەیجولەکەش لەهەولەکانیان بۆ شێواندنیمێژوو و نەخشەیراستەقینەیئەو شارە بەردەوامن و قودسیش بۆ دووبارە رزگارکردنەوەیلەدوژمنانیئیسلام لەچاوەڕێی سەلاحەدینێکیدیکەدایە.

مێژوونوسان دێن باس لەو مێژووە دورو درێژەی فەڵەستین و قودس دەکەن و دەیسەلمێنن کە عەرەب لە پێش هەموو نەتەوەکانی تر لەو شوێنەدا نیشتەجێبوون، پاشان یەیوسێکان تێیدا نیشتەجێبوون دوای ئەوانیش کەنعانییەکان کە بەرەچەڵەک سامی بوون ، تێیدا نیشتەجێبوون، عەرەبیش یەکێکە لەو گەلانەی کە باوەڕیان بە ئیسلام هێناوە، لەناو بازنەی ئیسلامدا لەگەڵ گەلانی تردا بوون و ئومەتی ئیسلامیان لێپێکهاتووە،

ئوممەت: بریتییە لە کۆمەڵێک خەڵک بڕوایان بە یەک بیروباوەڕ هەیەو یەک بەرنامە دەکەنە یاسا و ڕێسای ژیانیان، ئەم پێناسەیە بەسەر گەلی عەرەبدا ناچەسپێت، چونکە خاوەنی بیروبڕوایەکی تایبەتی نین، عــەرەب نەتەوەیە، نەتەوایەتیش بیروبڕوایان نییە، بەڵکو هەست و سۆز بەرانبەر بەگەل دەبزوێنرێ لە مرۆڤدا بە شێوەیەکی سروشتی نە فیکرە و نە بەرنامەی ژیانە، سەبارەت بە مێژووەکەش کە پشتی پێدەبەسترێو متمانەی پێدەکرێت بە پێچەوانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە مێژووییەکان.

مێژوو سێ سەرچاوەی هەیە ئەوانیش (پاشماوە، بیرەوەری، یاداشتگێڕانەوە)، سەبارەت بە سەرچاوەی یەکەم کە بریتییە لە(پاشماوە) ئێستا بووە بەسەرچاوەی سەرەکیی مێژوونوسان کاتێک سەبارەت بە مێژووی چاخەکانی پێش ئیسلام دەنوسن، بەلام لە راستیدا پاشماوە چەند زانیاریەکی بچڕبچڕمان پێدەدات سەبارەت بە کارێکی دیاریکراو لەمێژوودا، ئــەوەش کە زۆر روون و ئاشکرایە تێیدا زیاتر بەدیارخستنی لایەنی بتپەرستییە یاخود ئاماژەدانە بە هەندێک لەبیروباوەری تێکدراو ئەم جۆرە سەرچاوانە متمانەپێکراونین وە زۆربەی باسەکانیان بریتین لە بەئەنجام گەیشتنی ئەو مێژوونوسەی باس و لێکۆلینەوە دەکات لەسەر پاشماوەکە، وە بە پێی حەز و خواستی مێژوونوسەکە دەگۆڕێت.

شیانی باسە کە موسوڵمانان شانزە مانگ لەنوێژدا ڕوویان لە قودس دەکرد تا ئەو کاتەی فەرمانکرا بەڕووکردنە کەعبە،

کاتێک ڕێککەوتننامەی (سایکس بیکۆ) بەسترا لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیادا ناوچەی بلادورافیدەین و شام لەنێوان هــەردوو لایاندا دابەشکرا، فەڵەستین دابەشکرا و وەکو خۆی مایەوە، کاریان پێیهەبوو بۆ ئەوەی لەداهاتوودا بیکەن بە نیشتمانێک بۆ یەهودییەکان، بەریتانیا سەرپەرشتیی ئەو پرۆژەیەی دەکردو بۆ ماوەی ٢٥ســاڵ لەژێر ئینتیدابی خۆیدا مایەوە، بەسەرپەرشتیی کۆمەڵەی گەلان (**عصبة الأمم**) ، بۆئەوەی لەو ماوەیەدا بارودۆخی لەبار برەخسێنن بۆ ئەو پرۆژەیە کە لە پەیمانی بەلفۆردا بەڵێنیاندابوو بەیەهودییەکان بەدروستکردنی نیشتمانێک بۆیان، یەکەم مەندوبی سامی کە بۆیدانرا ناوی (هربت صموئیل) بوو کە یەهودییەکی رەگەزپەرست بوو، لە سالانی (١٩٢٠ –١٩٢٥).

بەریتانیا یاسایەکی دەرکرد سەبارەت بە بەکرێدانی زەویوزاری ئیسلامیی بۆ ماوەی (٩٩) سال، بە پێی ئەو یاسایە زۆربەی زۆری ئەو تەلارانەی کە ئێستا بەدەستی یەهودی و مەسیحییەکانەوەن لەسەر ئەو زەوییانە دروستکراون

بەریتانیا یاسایەکی دەرکرد سەبارەت بە بەکرێدانی زەویوزاری ئیسلامیی بۆ ماوەی (٩٩) سال، بە پێی ئەو یاسایە زۆربەی زۆری ئەو تەلارانەی کە ئێستا بەدەستی یەهودی و مەسیحییەکانەوەن لەسەر ئەو زەوییانە دروستکراون. بەریتانیا کارئاسانیی زۆری دەکرد بۆ کۆچکردنی یەهودییەکان بۆ فەڵەستین، هەروەها هاوکاری دەکردن لەکرینی زەوی و خانوو مال لە فەڵەستین. بەریتانیا کێشەی فەڵەستینی خستەبەردەمی نەتەوەیەکگرتووەکان، پاشان لەگەل ئەمریکا بڕیارێکیان دەرکرد بە دابەشکردنی فەڵەستین لە سالی ١٩٤٧دا راگەیاندنی دروستبوونی دەوڵەتێک بۆ یەهودییەکان لەساڵی ١٩٤٨دا تاوەکو کێشەکەیان ببێتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و لە ڕێگەی دەوڵەتانەوە باس بکرێت.

کێشەی فەڵەستین ئێستا بووە بەکێشەیەکی سیاسی لەنێوان دوو لایەندا:

لایەنی یەکەم: موسوڵمانانن هەموو پێکەوە کە کالرێکی وایکردوە غەلەستین لە نێو خۆیدا کۆمەلێ کێشە و ئاریشە زەق بکەنەوە و ململانێی حزبایەتی بخەنە پێش ململانێی نەتەوەییەکانەوە.

لایەنی دووەم: مەسیحییەکان لەگەڵ یەهودییەکانن یاخود یەهودییەکان لەگەل مەسیحییەکانن.

کەواتە کێشەکە کێشەی موسوڵمانانە، بــەڵام موسوڵمانان دەوڵەتێکیان نییە نوێنەرایەتییان بکات، بەڵام یەهودییەکان بەهۆی ئەو پیلانانەوە کە ژێربە ژێر دەیانگێڕا بوونە خاوەنی دەوڵەتێکی بەهێز، لەبەرئەوە ئێستا قودس بە دەست ئیسرائیلەوەیەو عەرەبە مسوڵمانەکانیش لە دورەوە تەماشا کەرن و لە ساڵی 1948وە دەیانەوێ بە شەرە بەرد گرەو لە ئیسرائیل ببەنەوە، ئەمە لە کاتێکدا 22 دەوڵەتی عەرەبی هەیە لە ناوچەکەو خۆیان بە مسوڵمان و خاوەنی قودس دەزانن و نەک هاوکاری فەلەستینییەکان ناکەن بەڵکو هەڵوێستێکیشیان نییە، کە لەئاست ئەو مەترسیانە بێت کەلەسەر قودس هەیە، کە بەردەوام ئیسرائیل هەوڵدەدات بەتەواوی دیمۆگرافیای قودس بگۆڕێت، هەروەها ئەم دژایەتیکردنەی ئیسرائیل و جولەکە هەر دژی مسوڵمان نییە بەڵکو بەهەمان شێوەش دژی مەسیحییەکانی ئەو وڵاتەن و هەرچییەکیش بۆیان بکرێ بەرامبەر بەوان دەیکەن، بەلام کە بەوشێوەیەی مسولمان کە نایکەن لە فشاری ئەمیرکا و ئەوروپایەو ئەوان هەڵوێستیان دەبێت ئەگەر هات و سوکایەتیی بە ئاینەکەیان بکرێ.